

ئەحمەد تاقانە



# میر لە سێبەری "مەم و زین"دا

## رۆچوونێکە بە ناوەرۆکی دەقی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانیدا(*)

## خۆشەویستی

١

بەوەی کە گەلێک باسی دڵداری و خۆشەویستیی پاک و خاوێن کراوە و بە تاسە و سۆز و بەزەییەکی زۆرەوە بە ئەویندارانەدا هەڵگوتراوە و چیرۆک و شیعر و هونەرێکی فرە لە بارەی دڵداران و ئەوین و خۆشەویستییەوە بڵاو کراوەتەوە و بەرهەم هێنراوە. دڵداری وەک چەمکێکی پیرۆزی ئەوتۆی، بەتایبەتی لە سەردەمە رۆمانسییەکاندا، لە دەروون و ناخی کۆمەڵدا چەسپاوە، هەر کە ناوی دڵداری هاتە گۆڕێ، جۆرە سۆز و تاسەیەکی پیرۆز لە

ناخی خەڵکیدا، بەتایبەتی هەستیار و سۆزداردا دەورووژێ، بێ ئەوەی لە جۆر و چۆنیەتیی پێوەندیی کوڕ و کیژێک یان پیاوێک و ژنێک لێکبدرێتەوە.

خۆ ئەگەر روانگەی بە کردەوەی کۆمەڵ و تەنانەت تاکەکانی ناو کۆمەڵیش بەبەرچاوەوە بگیرێ، کە بە زۆری ئەوەندەی لە ژیانی رۆژانەدا دەیبییەین و دەیبینین بە چاوێکی سووک و بە باسێکی پڕ لە تیز و گاڵتەئامێز تەماشا کراوە و لە هەزاردا یەک کەس نابینین گاڵتە بە خۆشەویستیی ئەفلاتوونی و"عوزری"ی خاوێن نەکا و دانێکی خێر بەو چەمکانەدا بنێ کە ئەو زاراوانە دەیبەخشن. ئەمەش لەوەوە هاتووە کە نیازی کەس و ناو دڵی کەس هەرگیز دیارو ئاشکرا نییە تا پاک و ناپاک لێک جودا بکرێنەوە، مەگەر لەگەڵ"فوزوولی"ی هەرە گەورە شاعیری کلاسیی تورکدا ئاواتەخوازبین و بڵێین:

**گر نقش اولونسایدی هر کسیک اللینده ضمیری**

**معلوم اولوردی بو دنیا مردی کیم نامردی کیم**

واتە:

ئەگەر ویژدانی هەر کەسەو لە نێوچەوانیدا نەخش بکرایە

دیار دەبوو کێ مەردی ئەم جیهانەیەو کێ نامەردەکەیەتی!!

پێ بە پێی ئەوە و بە پێی پێکهاتەی کەڵەکەبووی چەمکی ناو کۆمەڵیش بەزۆری ناوزڕانی ئافرەت و بنەماڵەکەی دەبێتە ئەنجامی ئەو کردەوەیە و دەبێتە هۆی ئازار و چەوسانەوەیەکی چەمکئامێزی، بەزۆری.. ئافرەتەکە و بنەماڵەکەی.. بۆیە کەسوکارەکانیان، تەنانەت جاروبار ئافرەتە پێگەیشتووەکانیشیان دەکەونە ئەو هەڵوێستە ناخۆش و سەرشۆڕکەرەوەیە. ئەم هەڵوێستەش لەو راستییەوە هاتووە کە لە هەزاردا یەکی نەبێ لەو جۆرە پێوەندییانە، پاکی و خاوێنییان تێدا نابێ.! ئەو پێوەندییانە وەک"ئەحمەد شەوقی"ی شاعیری مەزنی میسر لە نیوە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێ، بەمجۆرە دەبێ:

**نظرة فابتسامة فسلام فكلام فموعد فلقاء**

واتە: لە یەک روانینێکەوە دەست پێ دەکا، ئینجا بزەیەک و ئینجا سڵاوێک و ئینجا قسە لەگەڵ یەکدیدا کردن و ئینجا چوونە ژوانێ و.. بەیەک گەیشتن..

دیارە بە یەکگەیشتنەکەش خاوێن و نا خاوێنی هەیە.. خاوێنەکەش بە شێوەیەکی

ئاسایی لە نێوانی "نێرینە" یەک و"مێیینە" یەک دەبێ و بە ژیانی هاوسەرگیری کۆتایی دێ.. دەنا ئەگەر نیازەکە خاوێن نەبێ نێرینە"رەبەن بێ یان خاوەن ژن"، ئەگەرچی هەندێک هەن بە قسە، گاڵتە بە مارەبڕین و یەکگرتنەوەی یاسایی دەکەن، کە هاتە سەر هێڵی جیدی، خۆیانی لێ دەدزنەوە.. ناپاک"ناخاوێن"ە کەش دیارە.. کە تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووی سێکسی دەبێ و ئەنجامەکەی"بە زۆری لەلای نێرەکە!" چی دەبێ با ببێ.. کە لە کۆمەڵگە"جیا جیاکاندا!"بەگشتی" بەهەر چەمکێک بێ .. پێشکەوتوو یان دواکەوتوو" هەر مێیەکە تاوانبار دەردەچێ!! یان با بڵێین ئەنجامی کار هەر بەسەر ئەودا دەشکێتەوە.

دواتریش ئەحمەد شەوقی بەخۆی بەردەوامیی ئەم بارودۆخە لە دێڕێکی دیکەدا کە خستوویەتییە سەر دێڕی پێشوویەوە باس دەکات و دەڵێ:

**ففراق يكون فيه دواء او فراق يكون منه الداء**

واتە: ئینجا لێکدابڕانێک کە دەرمانی تێدابێ، یانیش لێکدابڕانێک کە دەردەکەی لێ پەیدا دەبێ..

## شێوە گۆڕینەوە و.. خۆشەویستیی هاوجنس و شتی دیکە

هەر لە سەرەتاوە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو برادەری و دۆستییەی نێوانی تاجدین و مەم – ە بدەم. داستانەکە کە باسی تاجدین دەکا دەڵێ:

**ئەمما وی ژ جوملە خاس و عامان**
**ژەو چەند براو باب و مامان**
**لاوەک کربوو برا ژ بۆ خوە**
**نێی ئەز غەلەتم چرا ژ بۆ خوە**
**رۆژا کو ئەوی برا نەدیتا**
**تەشبیهی شەڤا چرا نەدیتا**
**دونیا ل وی تێک دبوویە تاری**
**رۆژ بوو کو ل وی دکر تەواری**
**ئەنبازێ فەرەح شەریکێ غەم بوو**
**سەرگەشتەیێ غەم بناڤێ مەم بوو**

**"مـەم ژی ل وی عاشـقـەک تەمـام بوو**
**نە شـوبهێ براو باب و مـام بوو" ...[١]**

لێرەدا من هەر ئەوەندەم پێ دەگوترێ کە بڵێم: نە بیستراوە" یان من نەمبیستووە" وشەی عاشق بۆ دوو برادەری نێرینەی بەو جۆرە بگوترێ.. تەنیا مەگەر ئەوە نەبێ لە زۆر نزیکیی دوو برادەرەکە و لێک نزیککەوتنەوەی دوو"نێرینە" دوور لە جنس! بەو جۆرە پەسن بکرێ..!!

دەکرێ لێرەدا بەمەندەکە واز لەمە بێنین و درێژەی نەدەینێ و لاپەڕەکانی دیکە هەڵدەینەوە. بەڵام ئەوەمان هەر لە بیر دەبێ کە لە کۆمەڵەکەماندا خۆشەویستیی هاوجنسیش هەبووە، وەکو دواتریش دێینەوە سەر ئەو باسە.

***

خانی لە داستانەکەدا باسی ئاهەنگی رۆژی نەورۆزو چوونە دەرەوە و سەیرانی بە گشتیی خەڵکی شاری جزیرە دەکات و ئینجا باسی مەم و تاجدین دەکات و دەڵێ:

**ئیللا کـو تنێ مـەمـۆ و تاجـدین**
**وان دانە خـوە دوخـتـەرانە تـەزیـن**
**یەعنی د دەمـا کـو بوویە تەحـویل**
**ئەو هـەر دوو برا د جـامێ تەبدیل**
**ئستـەبرەق و سـوندسـێن د بەردا**
**چەند مێعجەر و مێقرەمە ب سەردا**
**کـاکول کـربوونە طورڕە هـەر سـوو**
**پەرچەم کـربوونە زولف و گیسـوو**
**وان لەو کـربوو لبـاس تـەسـریف**
**دا قـەط نەبتن ل وان چو تەکلیف**
**پوشـیـدە لبـاسێ دلبـەرانی**
**سـەیران دکـرن ب سـەرگـرانی[٢]**

کەواتە: مەم و تاژدین، لە رەسەنی نێرینەیی خۆیان – وەکو شێوە – واز دەهێنن و جلی ژنانە لەبەر دەکەن.. بە رواڵەت و دیوی دەرەوەیان دەبنە مێینە و مێینە دەنوێنن، با راستەقینەی خۆشیان بە پێچەوانەوە بێ. لەولاشەوە زین و ستی وەک دوو مێیینە خۆیان

بەشێوە دەگۆڕن و خۆیان دەکەنە دوو کوڕی نێرینە، لە ڕواڵەتی مێیینەیی خۆیان دەگەڕێن و واز دەهێنن.. جا با ئەمانیش لە ڕاستییاندا"نێرینە" نەبن. وەک ڕاستییەکی بە چاو بینراو و هەستپێکراو ئێستا و لەم بارەدا، مەم و تاژدین دوو کیژن و زین و ستی دوو کوڕی"نێرینە" ی جوانمێرد و ئازاو بە جەرگ دەنوێنن"بەڵام دیسانەوە بەڕواڵەت!"واتە" هەڵەی بە ڕاست زانراوی بە چاو بینراو و هەست پێ کراو!!".

خانی کە باسی – زین و ستی – ش دەکا، بە چەندین دێرە شیعر پەسنی ئەو دووانە دەکا و پێیاندا هەڵدەڵێ، کە بەلای خەڵک و بینەرانی ئامادەبووانی ئاهەنگی نەورۆزەوە دوو کوڕی دڵکێش و ئازای لەوپەڕی جوانیدان. مەم و تاجدین لەم باری گەڕانەیاندا، بەرەو ڕووی – زین و ستی – ی بە ڕواڵەت دوو کوڕی قۆز دێن:

**هەردوو دوی کاری بوون کو ناگاه**
**دیتن کو مەحزێ قودرەتوڵڵاە**
**ئەو هەردوو پسەر وەکی دوو پەیکەر**
**تابەندە ب شکلێ شاهی ئەختەر**
**یەک هەیئەت و شکل و یەک لباسن**
**ئەمما دوی شەهری ڕەنگ نەناسن...(٣)**

زین و ستی کە دەگەڕێنەوە و پاش دەمێک باسەکە بۆ – حەیزەبوون – ی دایەنیان دەگێڕنەوە، بەمجۆرە باسی"مەم و تاجدین" دەکەن:

**ئیرۆهە دوو کچ غەریق و شیبا**
**سەرتا بقەدەم دەبیق و دیبا**
**زێبەندە ژ شکلێ شاهێ خاوەر**
**تابەندە ژ ڕەنگێ ماهێ ئەنوەر**
**ناگەه لەمە بوون دووچارو زاهر**
**گێڕ بوون ژ دوورڤە هەر دوو نادر..(٤)**

بەمجۆرە مەم و تاجدین دەکەونە داوی دڵداریی زین و ستی"ی بە ڕواڵەت دوو کوڕ!"..
بەڵام تائێرە، دەبێ بەمجۆرە لێکی بدەینەوە.

مەم و تاجدین وەک دوو"نێرینە"، کە ڕاستییەکە تەنیا لەلای خۆیانە، دوور لە ڕواڵەتی

مێیینەییان کە بە جلگۆڕینەکە هاتووەتە کایەوە، دەکەونە داوی" بەلای خۆیانەوە – بەهۆی جلگۆڕینی پیاوانەی زین و ستی – یەوە" دەکەونە داوی دڵداری و خۆشەویستیی"بە رواڵەت" دوو نێرینەی هاوجنسی راستەقینەی خۆیان.

لەولاشەوە، زین و ستی وەک دوو مێیینە، کە راستییەکەی ئەمانیش تەنیا لەلای خۆیانە، دوور لە رواڵەتی نێرینەییان کە بە هۆی جلگۆڕینەوەیانەوە هاتووەتە کایەوە، دەکەونە داوی دڵداری و خۆشەویستیی" بەڕواڵەت" دوو مێیینەی هاوجنسی خۆیان... کە دەکرێ بەم هێڵکارییە روونتری بکەینەوە:

**مەم – ی بە رواڵەت"مێ"** ╳ **مەم – ی لە راستیدا"نێر"**
**زین – ی لە راستیدا"مێ"** ╳ **زین – ی بە رواڵەت"نێر"**

**تاجدین – ی بە رواڵەت"مێ"** ╳ **تاجدین – ی لە راستیدا"نێر"**
**ستی – ی لە راستیدا"مێ"** ╳ **ستی – ی بە رواڵەت"نێر"**

ئەم دۆزەی خانی لێرەدا وروژاندوویەتی دەبێ لە چەند لایەکەوە لێی بکۆڵرێتەوە و روون بکرێتەوە..

یەک لەو مەبەستانە، لەو دۆزەدایە کە کێشەی لۆجیکی باسی لێوە دەکا و بۆچوونێک لە بۆچوونەکان، پێی وایە ئەندامانی هەستەوەریی مرۆڤ نامانگەیەنێتە راستی و... گەلێک جار هەڵماندەخەڵەتێنێ و بە هەڵەماندا دەبا.. بۆ نموونە ئیمامی غەزالی لە کتێبی لۆجیک"المنطق" دا باسی کردووە و تەراویلکە"سەراب" ی بە نموونەیەکی سادە و زانراو هێناوەتەوە کە بە چاو دەبینرێ و لە راستیشدا بوونی نییە.(٥) کەواتە خانی – ش ئەو خۆگۆڕینەوەیەی مەم و تاجدین و زین و ستی – یە چاو فریودەرەمان بۆ دروست دەکا، بۆ ئەوەی هەڵەی بڕوا"بە تەنیا" بە هەستەوەرەکانمان بۆ دەربخا.

لەلایەکی دیکەوە خانی ویستوویەتی ئەو خۆشەویستییە هاوجنسە رەت بکاتەوە، کە لەلای چینێکی کەم تازۆری کۆمەڵگەدا باو بووە و باوە.. تەنانەت پاساویشی ئاخنراوەتە ناو ئەو فەلسەفە یۆنانییەوە، کە لەلای زانا موسڵمانەکانی سەردەمی خانیدا باو بووە و زانراوە، ناوهێنانی چەندین فەیلەسووف و کەسایەتیی یۆنانیی وەک ئەفلاتوون و بوقرات و قاروون.. لەلایەن خانی هەر خۆیەوە.. گەواهی ئەوەن، کە بەلای کەمەوە خانی بەخۆی ئاگای لەو کەینوبەینە بووە.. بۆ نموونە خانی دەڵێ:

**سەرراف ئەگەر ببیتە بوقراط**

**تەخمین بکەتن ب وەزن و قیراط**

**بازاڕ بکەن ژبۆ فەلاطوون**

**مەجمووعێ خەزاینێ د قاروون**[٦]

یەک لەو تیۆرییانەی لای یۆنانییەکان باو بووە، ئەوەیە کە ئەفلاتوون لە زمانی ئەرستۆفانیس ٤٤٨ – ٣٨٠ پ. ز شاعیری کۆمیدیی بەناوبانگی یۆنان"ەوە دەگێڕێتەوە، کە دەڵێ: پێشتر مرۆڤ لە شێوەدا جیاواز بووە لەوەی ئێستا، ئەوسا مرۆڤ سێ رەگەزی بووە نەک دوو، ژن و پیاو و نێرەمووک، ئەمەی دواییان لە نێو نێر و مێ – دا هاوبەش بووە، کە ئێستا جگە لە ناوەکەی لە ئارادا نەماوە.

هەروەها بوونەوەری بەرایی"یەکە" یەکی تەواو بووە. پشتی و تەنیشتەکانی خڕبووە، هەروەکو شێوەی"گۆ" یەک و چوار دەست و چوار پێی بووە، دوو رووەکەشی یەک سەر بووە و بە هەموو لایەکدا سووڕاوەتەوە. هەردوو رووەکەش، یەک لە پێشەوە و یەک لە پاشەوە و چوار گوێ و دوو ئەندامی"زگوزێ" ی بووە.. واتە: هەر ئەندامێک یەکێکی دیکەی لە بەرامبەردا بووە..

ئەم بوونەوەرانە وەکو ئێمە بە راست و رێکی رێیان کردووە، بەرەو پێشەوە و بەرەو پاشەوە و ئەگەر رایانبکردایە هەر هەشت پەلیان بەکار هێناوە و وەکو گۆ بەسەرزەویدا غلۆر بوونەتەوە، یانیش وەک ئەو پاڵەوانەی لاسایی بە رێدا رۆیشتنی گالیسکە دەکا. هۆی بوونی سێ رەگەزیش ئەوەیە کە بە پێی جیاوازیی سەرچاوەیانەوە جیابوونەتەوە، نێر لە خۆرەوە هاتووە و مێ لە زەوییەوە دەرچووە، نێرەمووکەکەش لە مانگەوە پەیدا بوون. وەکو روونیشە مانگ هاوبەشی سروشتی هەردوو"زەوی و خۆرە". ئەم بوونەوەرانە ئەوەندە بەهێز و بە سام بوونە، بوونەتە جێی مەترسی و تۆقاندن، بۆیە ئەوەند لە خۆبایی بوون، دەستیان بە هێرش بردنە سەر خواوەندەکان کردووە.

لەبەر ئەوەی ئەم بوونەوەرانە لەخۆبایی بوون.."زیۆس" ی گەورەی خواوەندان لەلای یۆنانییان – بۆ ئەوەی بە جۆرێک، لەلایەکەوە بێهێزیان بکات و لە لایەکی دیکەوە لەناو نەچن و تاهەتایە بمێنن و بیپەرستن، هەریەکەی لەمانە کردە دوو کەرتەوە.

کورتەی ئەنجامەکە ئەوەیە کە دەڵێ: هەر یەکێک لە ئێمە کەرتێکی بوونەوەرێکی تەواوە و

هەر یەکێک لە ئێمە هەمیشە بە دوای نیوەکەی خۆیدا دەگەڕێ.. ئەو نێرانەی لە نێرەمووکی"بوونەوەری هاوبەش" وە کەرت بوونە، دەبنە ئەوینداری ژنان و گیرۆدەیان دەبن، کەرتە مێبازەکان لەمانەن. هەروەها ئەو ژنانەی دەبنە ئەوینداری پیاوان و پەرۆشیان دەبن هەر لەمانەن، ئەو ژنانەی کە لە"مێ" وە کەرت بوونە، دەبنە ئەوینداری کیژانی هاوجنسی خۆیان و روو بە پیاوان نادەن، کەچی ئەو کەرتە پیاوانەی کە نیوەکانی نێرانن، ئارەزووی نێران دەکەن، نەک ئەوانەی دی و پێیان خۆشە نزیکیان بن و پێوەندییان پێوە بکەن، ئەمانەش لەوانی دیکە پەسندترن و تایبەتمەندیی پیاوانەیان لەوانی دیکە پتر تێدایە.(٧)

ئەم باسی رگەزو هاوڕەگەزویستییە، وادیارە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەشدا باو بووە. هەر بۆ نموونە، لە پەراوێزی ئەو شیعرەی "نالی" دا کە لە دوو دێڕیدا دەڵێ:

**عیشقت کە مەجازی بێ طالب مەبە ئیللا کچ**

**شیرین کچ و، لەیلا کچ و، سەلما کچ و، عەذرا کچ**(٨)

مامۆستای خوالێخۆشبوو"فاتیحی مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس" نووسیویەتی دەڵێ:

"ئەم قەسیدەیەی نالی کە بە مەبەستی بەرهەڵستی لە گرتنەبەری رێگای نادروست دایناوە لە کاروباری جینسدا، رەنگدانەوەیەکی ئاشکرای باری کۆمەڵایەتیی ئەو رۆژەیە لەم رووەوە و ئەگەر بەراوردێکیشی لە گەڵ ئەو قەسیدانەی شاعیرانی تری پاش خۆی بکەین کە بە ئاشکرا لایەنی دڵداریی لەگەڵ کوڕدا دەگرن، بۆمان دەردەکەوێ کۆمەڵ لە چ لێژییەکی بێ رەوشتیدا تێ گلابوو.(٩)

لێرەدا بەباشی دەزانم نۆ دێڕەشیعری دیکەی ئەو شیعرەی نالییەش بنووسمەوە بۆ ئەوەی بیرو بۆچوونەکەی نالی روونتر بکەینەوە، دەڵێ:

**فەرقی کوڕو کچ رۆشن، وەک فەرقی مەه و میهرە**

**ئەم فەرقی شەو و رۆژە، وەک فەرقە لە کوڕ تا کچ**

**مەه مەه لە مەهی سادە: یەعنی لە قەمەر لادە**

**هەم شەمس و ثورەییا کچ، هەم زوهرەیی زەهرا کچ**

**بێ بێنە گـــولی ژاڵە، هەم بێ بەرە، هەم تاڵە**

**قەد سەرو و سنەوبەر کچ، چاو نێرگسی شەهلا کچ**

**کـوڕ وەک گـوڵی گـوڵزارە، ئەمما ئەمـــەری خـــارە**
**وەک هـەنگی چزووداره، هەنگوینی مـوصـەفـفـا کچ[١٠]**
**کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مـەمکی لەسـەر سـینە**
**وەک شـــانـەیی هـەنگوینـەبۆ لەذذەتی دنیـــا کچ**
**جـەزلی ئەمـــەرو سـایە بۆ صـــەولەتی ئەعـدا کـوڕ**
**نەخلی ئەمــــەر و مــــایە بۆ دەوڵەتی دنیـــا کچ**
**کـوڕ زیبی دەبوسـتـانە، کچ شـەمـعی شـەبوسـتـانە**
**بۆ بـەزمی تـەمـاشـاکـوڕ، بۆ خـەڵوەتی تەنـهـا کچ**
**مـوو سـونبـولی ئاشـوفـتـە، دوڕ دانـەیی ناسـوفـتـە**
**دەم غـونچــەیی نەشکوفـتـە تێـفکرە کـوڕە یـا کچ!**
**کـوڕ ئاینەیی حـوسنی، تـا وەک کـچـە، مـەنظوورە**
**گـرتی کـە غـوبـاری مـوو چینی کـوڕ وەمـینـا کچ[١١]**

نالی هەر لە یەکەم دێڕە شیعری خۆیدا ئەوە دەستنیشان دەکات و سنووری باسەکەی دیاری دەکا کە باسی" عیشقی مەجازی" دەکا، واتە ئەو عیشقەی ئەم دنیا جەستەیییەی لە ژیانی ئاسـاییـماندا بەرپا دەبێ و لەلای هەمـوو ئەوانەدا کە بۆچوونی ئایدیایی، یان میتافیزیکییان هەیە باس دەکاو هەڵسوکەوتە مرۆڤە ئاساییەکەمان بۆ باس دەکا.

بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە نالی ئەو باسە دەکا رووی دەمی ئاراستەی"تەنیا" نێرینان دەکا. ئەگەر نا بۆمان هەیە ئێمەش بڵێین ئەگەر قسە ئاراستەی مێینان بووایە، دەبێ بڵێین: ئەی کیژ ئەگەر عیشقت مەجازی بێ داواکار"طالب" مەبە ئیللا کوڕ!!

نالی چاک دەزانێ، وەک زاراوە، لەلای پیاوانی ئاین و سۆفییاندا عیشق دوو جۆری هەیەو"عیشقی مەجازی" ئەوەیانە کە نالی باسی دەکاو عیشقەکەی دیکە کە"عیشقی حەقیقی" یەکەیە، ئەو عیشقەیە کە رێی بەرەو خۆشەویستی و نزیک بوونەوەی لە خودا دەگەیەنێ.

مامۆستا عەلائەددین سەججادی ئاماژەیەک بەوە دەدا کە حەریق"مەلا سالحی زێویەیی ١٨٥١ – ١٩٠٧" بەو شیعرەی کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

**عـيـشـقـت كـه حـەقـيـقى بێ، تالب مـەبە ئيللا كـوڕ**

**هەم حــەزرەتى لەولا كــوڕو هەم يووســفى والا كــوڕ** (١٢ - ١٣)

وەڵامى نالیی داوەتەوە..!!

حەریق دەیەوێ باس لەو عیشقە حەقیقییە بکات و"بەناڕەواییەوە" وا دەنوێنێ کە وەڵامی – نالی – ی پێ دەداتەوە، یان هەڵەی بۆ راست دەکاتەوە و لە دوازدەمین دێڕی شیعرەکەشیدا پێی دەڵێ:

**ســەد حــەیفێ کـە تۆ"نالی"، بەو پیـریـیـە منداڵی**

**بەم تەرزە لە عـەشق ئەدوێی، زیبـا کچ و دیبـا کـوڕ** (١٤)

کەچی نالی تەنیا بەو ئاماژەیەی کە دەڵێ" عیشقت کە مەجازی بێ ...تاد" ئەوە دەسەلمێنێ کە زۆر چاک دەزانێ عیشقی مەجازی چییەو عیشقی حەقیقی چییە!!

ئەگەر چەند دێڕێکی ئەو شیعرەی حەریق تەماشا بکەین، باشتر دەبێ، لە سێ دێڕی سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ:

**عـيـشـقـت كـه حـەقـيـقى بێ تاليب مـەبە ئيللا كـوڕ**

**هەم حـەزرەتى لەولا کـوڕ و هەم يووسـفى والا کـوڕ**

**ئەو نووره کە مونشەء بوو، بۆ عاشقی مەبدەء بوو**

**تێــفکره" تۆ" لەو نووره مــەعلووم و هـوەیدا کــوڕ**

**عـەشـقێ کـە بە قـووەت بێ، مـایل بە مـرووەت بێ**

**نەمـدیوە کـە طالب بێ، ئیللا کە طه لە ب کا کـوڕ** (١٥)

بڕوانە، حەریق کە باسی عیشقی حەقیقی دەکا، خۆشەویستیی موحەممەدی پێغەمبەری خوا بە نموونە دەهێنێتەوە، کە ئەوپەڕی بەرزی و خاوێنی و رێی بەرەو خواپەرستی دەنوێنێ کە هیچ جۆرە گومانێکی تێدا نییە. بڕوانە، بە نازناوی"لەولا – لولا" ش ناوی دەباو بەبیرماندا دەهێنێتەوە کە لە فەرموودەی" قودسی" دا کە ئەویش لە ناوەرۆکدا فەرموودەی خوایە و بە موحەممەدی گوتووە:"لولاك لولاك.. لما خلقت الافلاك" واتە: گەر تۆ نەبوویتایە، گەردوونەکانم نەدەئەفراند.

هەر لەو دێڕەی یەکەمی شیعرەکەشیدا ناوی حەزرەتی" یووسف – ی کوڕی یەعقووب" ی

نموونەی هەرە خاوێنی و لە خواترسانی هێناوەتەوە، کە لە بەردەمی هەڕەشەی ژنی گەورەترین دەسەڵاتداری میسری سەردەمی خۆیدا، دەستی نەداوەتە کاری ناپاکی و داوێن پیسی و دوور لە شەرع و یاسا، خۆی لەبەردەمی ئارەزووەکانی زولەیخای هەرە بەرزی نموونەی جوانیدا راگرتووە.

حەریق دەیەوێ باسی عیشقی حەقیقیی سۆفییانە بکات و نالی دەکاتە بیانوو، کە بە بڕوای من بۆی نەچووەتە سەر. هەروەها با ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە کە، حەریقیش وەک نالی رووی دەمی قسەی ئاراستەی تەنیا پیاوان" نیرینان" کردووەو بەس!! تەنانەت لە دێڕە شیعری چواردەیەمدا دەڵێ:

**بۆ خەڵوەتی تەنیایی، فیلواقیعە کچ چاکە**

**ئەمما کە لە عیشق بدوێی،" ئەدنا" کچ و" ئەعلا" کوڕ**

ئەو دوو شیعرە شایەنی لێکۆڵینەوەی دوورو درێژ و تێرو تەسەلن کە ئێرە بواری ئەوە نییە!! ئەگەرچی لە بەشەکانی دیکەدا دێینەوە سەر باسی خۆشەویستیی خاوێن"عوذری" و سۆفییانە و ئەفلاتوونی.

***

لێکدانەوەی ئاینی ئیسلامیش کە دەڵێ سەرەتا ئادەم دروست کرا، ئینجا حەوا لە پەراسووی ئادەمەوە ئەفرێندراوە، بە شێوەیەکی هێمایی کە دەڵێن سێوێکە و کراوەتە دووکەرتەوە، لایەکیان نێر و لایەکیان مێ، بۆیە.. هەریەکەیان تاسەی نیوەکەی دیکەی خۆی دەکا، کەواتە هەر مرۆڤێک تاسەی هاوتا پێچەوانەکەی خۆی دەکا، کە ئەمەیان خۆشەویستە ئاساییەکەیە، کە لەم ژیانە فیزیکییەی دەبێ بەو جۆرە بێت، تەنانەت لای سۆفییەکانیش بەلای کەمەوە وەک هەنگاوی یەکەمی بەرەو عیشقی" حەقیقی" دا کە خۆشەویستیی خواییە.. ئەوە گوتراوە کە دەبێ هەر پیاوێک حەز لە ئافرەتێک و هەر ئافرەتێکیش حەز لە پیاوێک بکات و وەک تاقیکردنەوەیەکی بەرایی" بەڵام خاوێن!" ی بەرەو خۆشەویستیی خوا پێیدا بڕوا.

لە ئەنجامی ئەو گێرمەوکێشەیەی مەم و زین و تاژدین و ستییەی ناو داستانەکەی خانیدا، دواتر کە راستییەکە لە هەموو لایەکیان ئاشکرا دەبێ و دەکەونە سەر رێیە راستەکە. رەوتەکە بەرەو ئاراستەیەکی دیکە دەڕوا...

بەدووری نازانم خـانی ئەم بەزمـەی نابێتـەوە، یـەک لە مـەبەسـتـەکانی رەتکردنەوەی ئەم جـۆرە تیۆرییـانە بێت و دوای ئەوەی راسـتـیی دۆزەکـە سـاغ دەبێـتـەوە، دەردەکەوێ کـە لە راسـتـیـدا دوو کـوڕ – نێـر –" مـەم و تاجـدین" حـەزیان لە دوو کـچ – مێ –" زین و سـتـی" کـردووە، ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنـێ کـە نەک بە رواڵەت و بە هـەست خـەڵەتان، وەک خـودمـاک" غـەریزە" ی مـرۆڤـان، ئـاسـایی و رەوا ئەوەیە کـە: مـێ حـەز لە نێـر و نێـریش حـەز لە مێ دەکەن" واتە بـە هـەستێکی نـاخەکییەوە نەک بە رواڵەت و شـتـی دیکە!!"، کە ئەمـەیان بە پێی هەست و بە پێی نەست و خودماک و ئاوەزیش راستە رێیەکەیە.." وەها ئەفرێنراون!" .

بەڵام دەبـێ بزانین خــانی لەمــەودوا دەیـەوێ چی بڵـێ و چۆن هـەڵسـوکـەوتی لەگـەڵ ئەو داستانی دڵدارییە کردووە؟؟!!

***

* تێبینی:

ئەم نووسینە بەشێکە لە پرۆژەی لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر، هەر بەو ناوەوە، واتە:" میر.. لە سێبەری مەم و زین – ی ئەحمەدی خانی ـ دا".

سەرچاوەکان:

١ – مـەم و زیـن – ئەحـمـەدێ خـانی ـ ڤـەژاندنا: پەرویز جیـهـانی ـ وەشـانێن: ناوەندا وەشـانێن فەرهەنگ و ئەدەبا کوردی"انتشارات صلاح الدين أيوبی" چاپی یەکەم ـ ١٣٤٧ ی هەتاوی.
٢ – الامام ابي حامد محمد بن محمد الغزالي – معيار العلم في فن المنطق – دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع – بيروت – الطبعة الثانية – ,١٩٧٨
٣ – أفـلاطون – المأدبة"فلسـفـة الحب"، ترجـمـة: دكـتـور وليم الميري – دار المعـارف بمصـر – مكتبـة الدراسات الفلسفية – مطابع دار المعارف بمصر – سنة , ١٩٧٠
٤ – دیوانی نالی"مـەلا خـدری ئەحـمـەدی شـاوەیسی مـیکایـەڵی" – لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مـەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فـاتیحی مەلا عـەبدولکەریم لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیـاری کورد – بەغدا ١٩٧٦ .
٥ – مێژووی ئەدەبی کوردی – عـەلائەددین سـەجـادی – چاپی دووەم – چاپخـانـەی مـەعـارف – بەغدا – ١٩٧١
٦ – دیوانی حەریق – یادگاری خوا لێخۆشبـوو مەلا صـالحی زێویەیی – لەسـەر ئەرکی مـەحمـوود خاکی لەچاپ دراوە – چاپی دووەم – ١٩٦٩ .
١ – پەرویز جیهانی – مەم و زین – ل ٥٩
٢ – س. پ – ل ٦٦ – ٦٧

٣ – س. پ – ل ٧٠
٤ – س. پ – ل ٨٢
٥ – الامام الغزالی – معیار العلم فی فن المنطق – ص ٢٩ – ٣١ والحواشی.
٦ – پەرویز جیهانی – ل ٧٦
٧ – بۆ تەواوی ئەو تیوورییە و هی دیکە بە تێکڕایی.. بڕوانە: أفلاطون – المأدبة – ص ٤٢ –٤٥
٨– ... بۆ ئەمەو بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوانی نالی ل ١٥٧ – ١٦٢ .
٩ – دیوانی نالی – ل ١٦٣
١٠ – لە لێکدانەوەی ئەم دێڕە شیعرەدا مامۆستا فاتیحی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، نیوەی دێڕەکەی بە ئاراستەکراو و پەسنی کوڕ داناوە و نیوەکەی دیکەی بۆ کچ!! واتە نالی بۆ کوڕ دەڵێ:
کوڕ وەک گوڵی گوڵزارە، ئەمما "ثەمەر" ی خارە
بۆ کچیش دەڵێ:
وەک هەنگی چزوودارە، هەنگوینی موصەففا کچ
منیش لەو باوەڕەدام کە نیوەی یەکەمی نیوە دێڕی دووەمیش هەر لە پەسنی کوڕدایە و دەڵێ:
کوڕ وەک گوڵی گوڵزارە، ئەمما "ثەمەر" ی خارە
وەک هەنگی چزوودارە....
چونکە: وەک بەری کوڕ خارو دڕکە، وەک هەنگیش چزوودارە!!و هەر کوڕی لاویشە وەکو هەنگ لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ و لەم گوڵەوە بۆ ئەو گوڵ دەگەڕێ، نەک کچ!! بەڵام کیژ، هەنگوینی پالاوتەیە و روون.
بڕوانە: – دیوانی نالی – بنەماڵەی مودەڕریس – ل ١٥٨ – ١٥٩ و پەراوێزی ژمارە" ٥" .
١١ – دیوانی نالی – ل ١٥٧ – ١٦٢,
١٢ – بڕوانە: مامۆستا سەجادی تەنیا ئاماژەیەکی زۆر کورتی بەوە داوە ، کە" حەریق" ی شاعیر وەڵامی شیعرەکەی نالیی داوەتەوە و نیوەی یەکەم دێڕە شیعرەکەی حەریقیشی هێناوەتەوە.
بڕوانە: سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – ل ٤٢٤
١٣ – بۆ دەقی تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوانی حەریق – ل ٢٢ – ٢٤
١٤ – دیوانی حەریق – ل ٢٤
١٥ – دیوانی حەریق – ل ٢٢